رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
7-11-2007 3:07 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## نەریتی ژن کوشتن لە کۆمەڵگای کوردیدا! ... شەهلا یارحوسێنی

شەرەف تەنها بۆ ئەوە هاتووە کە پیاوان لە بەرامبەر ژندا خۆیان بە خاوەن موڵک بزانن! هەر بۆیە



شەرەفیان کردووە بە بەهانەی دەستی خۆیان و هەر چیەک پێیان خۆش بێت لە بەرامبەر ژندا بە کاری دێنن و بە هەر شێوازێک بێت بە ناوی شەرەفەوە لە ناویان بەرن و بێ ئابڕوویان بکەن. شەرەف لە کۆمەڵگای ئێمەدا بە مانای ژن ڕەچاو دەکرێت و شەرمەزاری لەوەدا دەبینرێت کە تەنها لە نێو لنگی ژندا بە دی دەکرێت!!

بەڵێ ئەوەیە کۆمەڵگای سەقافەت و بە ئەزموون! ئەگەر بمانەوێت لە شەرەف تێبگەین، شەرەف خۆشەویستی نیشتیمانە، بە وەفا بوونە بۆ گەلەکەت! مرۆڤ دۆست بیت! ڕێز لە بیرو ڕای خەڵک بگریت!

بەڵام بە داخەوە تا ئێستا لە کۆمەڵگای ئێمەدا شەرف دایکە، خوشکە، ژنە. ڕۆژ لە دوای ڕۆژ داوە دەکەین کۆمەڵگا بەرەو پێش بچێت و ڕەشەکوژی ژن نەمێنێت! ژنان هیچ نەبێت وەک مرۆڤ چاو یان لێبکرێت! بەڵام ئەوە هەرگیز! مەحاڵە! چون تا ئێستا ڕابەرانی دینی ئیسلام ئەوەیان سەپاندووە کە دەبێت ژن ملکەچی هەموو بڕیاراتێکی پیاوان بن!

لە لایەکیترەوە دەیسەپێنن کە ژن تەنها چێژ دەبەخشێت و نابێت چێژ وەرگرێت!

زۆر جاریش پیاو بۆی هەیە لە باتی ژنێک دوو تا چوار ژنیشی هەبێت! بەڵام ئەگەر لە کۆمەڵگای ئێمەدا کچێک دوو جار بە مێرد درا، ئەوە بە چاوێکی سوکەوە تەماشای دەکرێت! ناوی لێ دەنێن بێوەژن! تەوەری باسەکەمان لە مەڕ ژن کوشتنە! تا ئێستا هیچ بەربەستێک نییە بۆ ئەوەی پێش بەو کارە نامرۆڤانەیە بگرێت! ژنان لە کوشتن و زەلیلی ڕزگار بکات!

لێرەدا ماوە ئەوە بڵێم: پیاوان و کۆمەڵی کوردی ئەوە بزانن تا فشار و زوڵم زۆری و کوشتن، پەرەی پێبدرێت، ئەوا ڕێژەی لەش فرۆشی و تاو انیش، زۆرتر دەبێت! ئەگەر هەر چی زوترە ڕێکخراو و لایەنە حکومیەکان فریای ئەو کارە نامرۆڤانەیە نەکەون، تاوانەکانی داهاتوو بە دەستی ژن دەبێت.

هیوادارم تەنها شەرەف لە ژێر دامێنی ژن نەبیننەوە! با ژنانیش داهاتوویەکیان هەبێت بۆ کۆمەڵگاکەیان.

با کۆمەڵگەی کوردیش ئەوە بزانن کۆمەڵگا بە بێ ژن نابێت! واتا ژنان تەواوکەری ژیانی کۆمەڵن. کۆمەڵیش بە ژنەوە دەبرێت بەڕێوە! گەر ژن نەبێت کۆمەڵیش نابێت!

شەهلا یارحوسێنی_نورویژ

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.